هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زانستی گشتی
قۆناغی چوارەم

# Teaching curriculum - وانەوتنەوەی پرۆگرام

## مامۆستای بابەت: م. سارا أحمد محمدأمین

ئیمیل: sara.mamin@su.edu.krd

ساڵی خوێندن: 2023 - 2024

# وانەی سێیەم

*** بنەما گشتییەکانی بنیاتنانی پرۆگرامی خوێندن – الأسس العامة لبناء المنهج المدرسي**

**یەکەم/ بنەمای فەلسەفە لە دانانی پرۆگرامدا:**

**دووەم/ بنەمای رۆشنبیری و زانیاری لە دانانی پۆگرامدا:**





# بنەماکانی بنیاتنانی پرۆگرامی خوێندن

**یەکەم/ بنەمای فەلسەفە بۆ پرۆگرام - (الأسس الفلسفية للمنهج):**

فەلسەفەی کۆمەڵگا ئامانجی ئەوەیە کە باشتر لە بیرۆکەی ژیان و پێکهێنانی بیرکردنەوە گشتگیرەکان لە دەوری خۆی بگات و بۆ ئەوەی کۆمەڵگا فەلسەفەی خۆی بپارێزێت و بڵاوی بکاتەوە، دەبێت پشت بە فەلسەفەی پەروەردەیی خۆی ببەستێت وەکو ئامرازێك بۆ گەیشتن بە بیرۆکە و بیرکردنەوە و بەها و بیروباوەڕەکان کە باوەڕیان پێیەتی و حەز دەکات لە ژیاندا جێبەجێی بکات، بۆیە هەموو پرۆگرامێك لەژێر رۆشنایی فەلسەفەو ئامانجەکانی کۆمەڵگا دادەڕێژرێت و پێکدەهێنرێت، ئەمەش وا دەکات پرۆگرامی هەر کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵگایەکی تر جیاواز بێت.

## ـ فەلەسەفە چی یە؟

فەلسەفە بیرو بۆچوونێکی گشتگیرە بۆ شتە بنەڕەتییەکان کە بریتیین لە مرۆڤ وگەردوون و ژیانە، وە فەلەسەفە پێکدێت لە سێ شێوازی بیرکردنەوە کە ئەوانیش بیرکردنەوەی تێڕامان وشیکردنەوەو ڕەخنەگری یە.

## ـ کەواتە فەلسەفەی پەروەردە:

بریتییە لە بەکارهێنانی تیۆری و بیرۆکەی فەلسەفی پەیوەست بە ژیان لە بواری پەروەردەدا وە ڕێکخستنیان لە پرۆگرامێکی تایبەتدا بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانی پەروەردەیی.

# پەیوەندی نێوان فەلسەفە و پەروەردە

پەیوەندی نێوان فەلسەفە و پەروەردە پەیوەندییەکی توندو تۆڵ و ئاڵو گۆڕە ئەمەش وایکردووە هەندێک بڵێن فەلسەفە و پەروەردە دوو لایەنی جیاوازن لە هەمان شت، کە یەکێکیان نوێنەرایەتی فەلسەفەی ژیان دەکات، ئەوی دیکەیان ڕێگایەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەم فەلسەفەیە بۆ کارەکانی مرۆڤ.

پەروەردە لایەنی جێبەجێکردنی فەلسەفەیە، بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین فەلسەفە لایەنی تیۆری و پەروەردە لایەنی پراکتیکی هەمان شتە. هەروەکو فەیلەسوفی گەورە جۆن دیوی بە شێوەیەکی تر ئەم مانایەی پشتڕاست کردەوە کاتێک وتی :فەلسەفە تیۆری گشتی پەروەردەیە ئەمەش مانای ئەوەیە پەروەردە بەبێ فەلسەفە و فەلسەفە بەبێ پەروەردە نییە.

# پ/ گرنگی فەلسەفەی پەروەردەیی چی یە؟

# جیاوازی نێوان فەلسەفەی کلاسیکی و فەلسەفەی پێشکەوتوخواز



## جیاوازییەکانی نێوان فەلسەفەی کلاسیکی و فەلسەفەی پێشکەوتوخواز

| | فەلسەفەی کلاسیکی(میسالی) | فەلسەفەی پێشکەوتوخواز(پراگماتیکی |
|---|---|---|
| **یەکەم / چەمکی پەروەردە** | | |
| ١ | پەروەردە بەواتای ئامادە باشی بۆ ژیان. | پەروەردە خودی ژیانە. |
| **دووەم / ئامانجەکانی پەروەردە** | | |
| ٢ | جێگیرەو و ناگۆڕدرێت، ئامانج بۆخۆی مەبەستە، گەورەکان دەیسەپێنن بەسەر منداڵاندا بۆ بەدیهێنانی، بەو پێیەیی خاوەن ئەزموون وشارەزایین. | پرۆگرام هاوسەنگ وپێشکەوتووە، تێدا ڕەچاوی شارەزایی وئەزموونی وچالاکی ویست و ئارەزووەکانی منداڵ دەکرێت، ئەمەش لەپێناو پەروەردەکردنی گشت لایەنەکانی کەسێتیەکەی. |
| **سێیەم / چالاکیەکانی دەرەوەی پۆل (اللاصفیه)** | | |
| | هیچ بەهایەکی نییە لەنێو پرۆگرامی قوتابخانەییدا، چونکە یارمەتیدەری ڕاهێنانی بیری منداڵ نادات. | گرنگی خۆی لە پرۆگرامی قوتابخانەییدا هەیەو بەشێکە لە پرۆگرام لەبەر ڕۆڵی لە جێبەجێکردنی پرۆگرامدا. |
| **چوارەم / بابەتی خوێندن** | | |
| | بابەتی خوێندن ناوەندی پرۆسەی پەروەردەییە. | خوێندکار وچالاکییەکانی ناوەندی پرۆسەی پەروەردەییە. |
| **پێنجەم / ڕێگاکانی وانە ووتنەوە** | | |
| | وانەبێژی وئەزبەرکردن و پیێ وتنەوە پەیڕودەکرێ لەپێناو ڕاهێنانی مەلەکەی عەقڵی مرۆڤـ (واتەگرنگی دان بەلایەنی مەعریفی). | گەڕان وپشکنین بە دوای بەهرەکانی قوتابی وگەشەپێدانی گشت لایەنەکانی کەسێتی. (مەعریفی،ویژدانی، دەروون-جووڵەیی) لەگرتنە بەری ڕێگای فێرکاری جۆراوجۆرەوە دەبێت بەوێنە ڕێگای چارەسەری کێشەکان ڕێگاکانی بیرکردنەوە..تاد. |
| **شەشەم / ئەرکی مامۆستا** | | |
| | مامۆستای سەرکەوتوو ئەو مامۆستایەیە، کە بیری قوتابی پڕدەکات لە زانستییەکان. | مامۆستای سەرکەوتوو ئەو مامۆستایەیە کە ئاڕاستەی بیری قوتابی دەکات بۆ زانیاری و ڕاستییەکان و دەرخستنیان و ئاشکراکردنی ئارەزوو ئامادەباشییەکان وگەڕان بەدوای زانیاریدا. |

# جیاوازی نێوان قوتابخانەی (فەلسەفەی کلاسیکی و فەلسەفەی پێشکەوتوخواز)



## هەشتەم / پەیوەندی بە خێزان

| | |
|---|---|
| هیچ بەگرنگی نازانێت پەیوەندی قوتابخانە بە خێزانەوە هەبێت وشوێنکەوتوانی ئەم فەلسەفەیە دیدگایان وایە گوایە تەنها قوتابخانە هەست بە ڕاستی وپێداویستییەکانی قوتابی دەکات. | لێرەدا بەگرنگ وهەستیار مامەڵە لەگەڵ خێزانی قوتابی دەکرێت بۆ زانینی کێشە وگرفت و سروشتی کەسێی قوتابی وباروزرووف و ئارەزوەکانی. |

## نۆیەم / سزای قوتابخانەیی

| | |
|---|---|
| سزادانی جەستەیی گرنگە بۆ پاراستنی سیستەم وئارامی پۆلی خوێندن. | سزادانی جەستەیی قەدەغەیە، چونکە بەهرە وتوانا وئازادی وچالاکییەکانی قوتابی خەفەدەکات. |

## دووەم/ بنەمای رۆشنبیری و زانیاری بۆ پرۆگرام – الاسس الثقافية والمعرفية للمنهج:

چەمكی ڕۆشنبیری بەوە پێناسە دەكرێت كە بریتییە لە گشت ئەو (بیروباوەڕ و بۆچوون و بەهاو ڕەفتار و مامەڵەكردن و دونیابینیانەی ..........) كە هەر تاكێك لە كۆمەڵگادا پێوەی پەیوەستە و كاری پێ دەكات. وە ڕۆشنبیری دەگۆڕێت بە گۆڕانی كۆمەڵگاكان.

واتە یەكێک لە ئەركە سەرەكییەكانی قوتابخانە، دابینكردنی بڕی گونجاوی ڕۆشنبیری ئەو كۆمەڵگایەیە كە تێیدا دەژین بۆ قوتابیان، بۆ زانینی پەیوەندی نێوان پرۆگرامی قوتابخانە و ڕۆشنبیری كۆمەڵگا، پێویستە چەمكەكە ڕوون بكرێتەوە لە ڕۆشنبیری و گەشەسەندنی.

# پێکهاتەکانی ڕۆشنبیری – مکونات الثقافة

## 1- گشتییەکانی ڕۆشنبیری – (العموميات الثقافة):

بریتییە لە ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری کە زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگا تیایدا بەشدارن کە کۆمەڵگاکەیان جیا دەکاتەوە لە کۆمەڵگاکانی تر وە بە بنەمای ڕۆشنبیری دەژمێردرێت کە پێکدێت لە (بیروباوەڕو بەهاو زمان و داب و نەریت و شێوازو ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان).

# پێکهاتەکانی ڕۆشنبیری

## 2- تایبەتییەکانی ڕۆشنبیری – (الخصوصيات الثقافة):

بریتییە لە ڕەگەزەکانی ڕۆشنبیری و شێوازی ڕەفتار یاخود عادات یاخود تەقالید کە تایبەتە بە چینێك لەناو کۆمەڵگادا هەن، وەکو (پزیشکان و ئەندازیاران و مامۆستایان و کرێکاران و بڕیاردەران و ....)، تایبەتمەندی ئەم پێکهاتەیە بۆ کۆمەڵگا پێویست و زیندوون وە هەبوونیان ئەمرێکی سروشتییە، وە نەبوونیان دەبێتە هۆی کەم و کوڕی لەناو کۆمەڵگادا چونکە کار لەسەر یەکخستنی کۆمەڵگا دەکەن لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئێمە کاردەکەین بۆ تەواوکردنی کۆمەڵگا لە هەموو ڕوویەکەوە.

# پێکهاتەکانی ڕۆشنبیری

## 3- گۆڕاوەکانی ڕۆشنبیری – ( المتغيرات الثقافة):

بریتییە لە ڕەگەزە ڕۆشنبیرییە مۆدێرنەکان لە کۆمەڵگادا تاوەکو لەسەر گشتی و تایبەتی ڕۆشنبیری گەشە نەکات، ئەوان وەکو جێگرەوەی ئەو شتانەی کە هەن دێن بۆیە بە پێی دەوترێت جێگرەوەکانی ڕۆشنبیری، ئەوانە نامۆن وەکو داهێنانە زانستیەکان و دۆزینەوە تازەکان و بیرۆکەی فەلسەفی و بێگومان ئەم گۆڕاوانە خواستراون ئەگەر هاتوو توخمە ڕەسەنەکانی ڕۆشنبیری بپارێزن ئەگەر هەندێك لەو کێشانە چارەسەر بکات کە ڕووبەرووی کۆمەڵگا دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر زیاتر بێت وێنەی گۆمەڵگا دەگۆڕێت.

# تایبەتمەندییەکانی رۆشنبیری

**1- ڕۆشنبیری مرۆڤانەیە:** واتا رۆشنبیری لە کۆمەڵگای مرۆڤ پێك دێت و تایبەتە بە مرۆڤ، واتا لە بەرهەمی مرۆڤە و هیچ بونەوەرێکی تر خاوەنی رۆشنبیری نیە، چونکە مرۆڤ خاوەنی ژیریە و پەیامێکی هەیە و توانای بیرکردنەوەی و دۆزینەوەی زانستی و گونجان لەگەڵ سروشتی هەیە.

**2- ڕۆشنبیری پێداویستیەکانی مرۆڤ دابین دەکات:** کولتور پێداویستییە بایۆلۆژی و دەروونیەکانی تاك تێر دەکات واتە ڕۆشنبیری ئەنجامی شارەزاییەکانی نەوەکانی پێشووە کە داب و نەریت و شێوازی بیرکردنەوە و کار دەگرێتەوە، وە تێرنەکردنی ئەو پێداویستیانە لەلایەن کولتوورەوە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوە و نەهێشتنی، وە ئەرکی پرۆگرام دابینکردنی ئەو پێداویستییانەیە و کارکردنە بۆ تێرکردنی.

# تایبەتمەندییەکانی رۆشنبیری

**3- رۆشنبیری وەرگیراوە:** **واتە رۆشنبیری بە فێربوونە لە ناو لەشی مرۆڤ دانیە بەڵکو فێری دەبێت، لە رێگای گەشەکردنی لەناو کۆمەڵگا.** **واتە** رۆشنبیری ڕەفتارێکە تاک فێری دەبێت و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەیگوازێتەوە، مرۆڤ لە سفرەوە دەست بە کلتوری خۆی ناکات، بەڵکو لەو خاڵەوە بنیات دەنێت کە نەوەکانی پێشوو کۆتاییان پێهاتووە.

**4- رۆشنبیری سیفەتی گواستنەوەی هەیە:** تەنها مرۆڤ دەتوانێت ئەوەی فێری بووە بیگوازێتەوە بۆ نەوەکانی هاوچەرخ و دواتر، جا لە کۆمەڵگای خۆیدا بێت یان لە کۆمەڵگاکانی تردا.

**5- رۆشنبیری گۆڕاوە (نەگۆڕ نیە): واتا رۆشنبیری لە گەشەو گۆڕاندایە و لە قالب و پێستێکدا چەق بەست نابێت" ئەمەش وا لە پرۆگرام دەکات کەنەرم بێت و کارلێك بكات لەگەل ئەم گەشەو گۆڕانەی رۆشنبیری.**

- **گرینگترین دامەزراوە رۆشنبیرییە پەوەردەییەکان:** کەئەمانەن (خێزان، کۆمەڵ، شوێنی پەرستش، هۆکارەکانی راگەیاندن، کە قوتابخانەو کۆمەڵگا کردویەتی بە نوێنەری خۆی بۆ بەکارهێنانی پەروەردە وەکو ئامرازێکی گواستنەوەی رۆشنبیری، بەردەستخستنی بارودۆخی لە بار بۆ گەشە پێدانی فێرخوازان لە لایەنی ژیری و دەروونی و جەستەییەوە، وەهەروەها بەردەستخستنی شارەزایی بە خێوکردن لە ناو ژینگەیەکی گوازراوە کە یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ فێربوونی زانیاری و دروستبوونی چالاکی و گەشەکردنی ئارەزووەکانی بۆ زیاتر کارلێکی لەگەل کۆمەڵگادا.



سوپاس بۆ گوێگرتنتان